## راگەیاندنی کۆمەڵە

# بەرز و بەڕێز بێ ٣١ی جۆزەردان، ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە

**خەڵکی تێکۆشەری کوردستان،**

**بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان،**

**هاوڕێیانی پێشمەرگە و پێشمەرگە دێرینەکانی کۆمەڵە،**

**دۆستان و دڵسۆزانی کۆمەڵە و بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کوردستان!**

ئەمڕۆ رێک سی ساڵ بەسەر گیانبەختکردنی هاوڕێی تێکۆشەر و ماندوویینەناس، قارەمانی خۆراگری لە زیندانەکانی رژیمی شا، کاک سەعیدی موعینی ناسراو بە کاک خانە تێپەر دەبێت. کاک خانەی موعینی، هەروەکوو سیمایەکی نموونەیی کۆمەڵە لە خەباتی نهێنی و خۆڕاگری قارەمانانە لەحاست زیندان و ئەشکەنجە بوو، رچەشکێنی خەباتی پێشمەرگایەتیی کۆمەڵە و یەکەمین شەهیدی ئەم رێبازەش بوو.

لەم رۆژەدا وێڕای رێز گرتن لە یادی ئەو و هەموو گیانبەختکردووانی ریزەکان و رێبازی کۆمەڵە لە گشت مەیدانەکانی خەباتی شۆڕشگێڕانە لە کوردستان، جارێکی دیکە سڵاو و رێزی خۆمان پێشکەش بە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، زیندانیانی سیاسی و کەمئەندامانی شۆڕش و بنەماڵەی هەموو پێشمەرگەی کۆن و نوێی کۆمەڵە دەکەین، هەروەها سڵاوی گەرم و هاوڕێیانەی خۆمان دەنێرین بۆ پێشمەرگە دێرینەکانی کۆمەڵە کە ئێستاش کوردستان و بزووتنەوەکەی لە بیرەوەریی خەباتی پڕ لە شانازیی ئەوان لێوانە، بۆ هەموو تێکۆشەرانی دێرینی گشت بووارەکانی خەبات و بۆ زیندانیانی سیاسیی دێرین کە بە خزمەتی بێدرێغ و بە فیداکاریی ئەوان خۆڕاگریی جەماوەری لە کوردستان هاتە دی. هەروەها سڵاوی گەرمی دڵی پڕهومێدی خۆمان پێشکەش دەکەین بە پێشمەرگەکانی ئێستای کۆمەڵە و بە هەموو نەسلی تازەی خەباتکار، لە هەموو مەیدانەکانی خەبات و چالاکیی سیاسی، رێکخستن، پێشمەرگایەتی و رۆشنبیری کە جێگەی هیوا و هومیدی سبەی رۆژی کوردستانن.

ئێرانی ئەمڕۆ، سەرەڕای ئەوەی لەژێر دیکتاتۆریی رەشی عەبای ئاخوندەکان و چەکمەی سوپای پاسدارانەوە بەسەر دەبا و سەرەڕای ئەوەی کە پشتی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش و کەم داهاتی کۆمەڵگا لەژێر باری قورسی گرانیی سەرسووڕهێنەر و بێکاری و قەیرانی ئابووریدا چەماوەتەوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا لە وەستانەوە و بەرەنگاری و بەگژاچوونەوە نەکەوتووە و بەتایبەت لە ساڵی رابوردوو دەنگی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان خەریکە بەرزتر و بەرزتر دەبێتەوە. بزووتنەوە کرێکارییە فراوانەکان، بزووتنەوەی خوێندکاران، ژنان، نەتەوە بندەستەکان و بزووتنەوەی رۆشنبیری خەریکن

زۆرتر و زیاتر، خۆڕاگرتر و سەرسەختانەتر لە جاران سەر هەڵدەدەن. ناکۆکییەکانی ناوخۆی دەسەڵات قیناویتر و دوژمنکارانەتر لە جاران هاتۆتەوە ئارا و تەنانەت هەموو خەتێکی سووریشی بەزاندووە و ئیفشاگەرییەکانیان لەسەر یەکتری، گەندەڵی و مافیاکاری ئەو تاقمە جینایەتکارەی لەبەر چاوی هەمووان خستۆتە روو و هەموو نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لەبەر چاوی خەڵک سووکتر و بێنرختر کردووە. بارودۆخی ناوچەیی و جیهانیی ئەم رژیمەش هەروا رووی لە گرژی و ئاڵۆزیی زۆرترە. هەرچەند بۆ پێشبینی رەوتی داهاتوو هێشتا زووە، بەڵام هەموو دیاردەکان وا نیشان دەدەن کە کۆمەڵگای ئێران و رژیمی کۆماری ئیسلامی بەرەو قەیرانێکی قووڵ و بەرەو گۆڕانێکی چارهەڵنەگر هەنگاو دەنێن.

ئەم بارودۆخە وشیاری و یەکگرتوویی و تێکۆشانێکی هەرچی زیاتر لە هەموو خەڵکی کوردستان و لە ریزەکانی کۆمەڵەش دەخوازێ. کۆمەڵە، بەدوای ئەوەی کە لە ساڵی رابوردوودا تووشی سەرئێشەیەکی نەخوازراو هات، ئێستا ئامادەتر و گەرم وگوڕتر، سەرودڵخۆشتر و پڕ لە هیواتر، ساغتر و پتەوتر و بەرچاوروونتر لە هەمیشە لە هەموو مەیدانەکانی خەباتدا سەرگەرمی تێکۆشانە. کۆمەڵە، بە سەرکردایەتییەوە، بەهەموو کادر و پێشمەرگەکانیەوە، بەهەموو هەڵسووڕاوانی خەبات و رێکخستنی نهێنییەوە، بە چالاکانی هەموو بووارەکانیەوە، بەروونی هەست بە مەسئوولییەتی مێژوویی خۆی دەکا و ئامادەی بەڕێوە بردنیەتی، هیچ سەختی و تەنگژەیەک ئیرادەی سست ناکا و کۆڵی پێنادا، هیچ چەواشەکارییەک رێگەی پێ ون ناکا، هیچ هەڕەشە و تۆقاندنێکیش نایترسێنێ. کۆمەڵە، وەکوو هەمیشە، ئاڵاهەڵگری خەباتی رزگاریخوازانەی نەتەوەیی گەلی کورد، ئاڵاهەڵگری نوێخوازی و پێشکەوتنخوازی، ئاڵاهەڵگری ئازادی و دێمۆکراسیخوازی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، پاڵپشت و رێکخەری خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان لەپێناو مافەکانی ئێستا و دوارۆژیاندا، دۆست و دڵسۆزی کۆمەڵانی خەڵک و خەباتکاری لێبڕاو و بێڕاڕایی لەحاست دوژمندایە و هەر واش دەمێنێتەوە.

هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە هەمیشە هەڵگری بیری نوێ و پێکشەوتنخواز، پارێزەری دێمۆکراسی و مافەکانی کۆمەڵانی بەرینی خەڵک و و ئاڵاهەڵگری خەباتی رزگاریبەخشی کوردستان بووە. مێژووی بزووتنەوەی سێ دەیەی رابوردووی کوردستان دەرخەری ئەم راستییەن. ئەم هێزە ریشەی لەناو جەماوەری خەڵکدایە و هیچ دابڕانێکی کاتی ناتوانی پەیوەندیی قووڵی نێوان هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە و جەماوەری ستەمدیتووی کوردستان کاڵ و کەمڕەنگ کاتەوە. هێزی پێشمەرگە تەنیا هێزێکی شەڕکەر و چەکدار نەبووە، بەڵکوو لە هەمان کاتدا رێنیشاندەر و رێکخەر و وشیاریبەخش بووە.

جێی خۆیەتی هەر لێرەدا ئاماژە بەوەش بکرێ کە هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە لە ئاڵوگۆڕەکانی داهاتووی کۆمەڵگای ئێران و کوردستاندا بێگومان دەتوانێ و دەبێ دەوری کارا و کاریکەری هەبێ و خەڵکی کوردستانیش ئەو چاوەڕوانییەیان لە هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە هەیە. هەر بۆیەش خۆ ئامادە کردن و خۆ تەیار کردن بۆ بەجێ گەیاندنی ئەرکە مێژووییەکانی خۆی لە حاست بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد، یەکێکە لە ئەولەوییەتەکانی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە.

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، هەموو تێکۆشەرانی سیاسی لە هەر خەت و رێبازێک، هەموو هەڵسووڕاوانی کرێکاری، هەموو هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەی خوێندکاری، هەموو ژنانی یەکسانیخواز، هەموو لاوانی شۆڕشگێڕ، هەموو خوازیارانی ئازادی و مافی مرۆڤ پێویستە خەباتی خۆیان پەرە پێبدەن، یەکگرتووتر و بە ورەیەکی بەرزترەوە بێنە مەیدان

و لــه هەمیشــه زیــاتر خۆیــان تــەیــار کــەن. بــا باشــترین و بــەنرخترین ســوننەتەکانی خــەباتی شۆڕشـــگێڕانەی خـــەڵکـــی کوردســـتان، باشـــترین و بـــەنرخترین ســـوننەتەکانی خـــەباتی پێشمەرگەی کۆمەڵە بکەین بە ڕێنوێنیکەری خەباتی پڕجۆش و خرۆشی داهاتوومان.

**پیرۆز بێ ٣١ی جۆزەردان، ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە**

**بەرز و بەڕێز بێ یادی گیانبەختکردووانی کۆمەڵە**

**مەرگ و نەمان بۆ ڕژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

## کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

٣١ی جۆزەردانی ١٣٨٧ی هەتاوی، ڕێکەوتی ٢٠ی مانگی ژوئەنی ٢٠٠٨ی هەتاوی

Web: www.komala.org
E-mail: secretariat@komala.org